بەخێربێن بۆ هەشتەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (C4JR)، بەبەردەوامی هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی و سۆرانی). ئامانجمان لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەرییەدا بەشدارن، ئەمەش بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دوایین هەواڵەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایانگەیاند کە بڕەپارەی قەرەبوو بۆ ١٩٧٥ سوودمەند لە ڕزگاربووانی دەستی داعش لەچوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا لە مانگی ئابدا خەرج کراوە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبووک ببینن: www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لە شێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبەخشرێنە هەر کەسێک کە وەک ڕزگاربوو پەسەند کرابێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) بڕەپارەی قەرەبووی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە هەندێک هاوکاری وەک پارەی قەرەبووکردنەوە و ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان لە ڕاهێنانەوەیاندا دابین کردووە؛ لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوکارییە ئاڵۆزترەکان تا لە داهاتوودا جێبەجێیان بکات.

**نوێکارییە گرنگەکان:**

بەڕێوەبەرایەتییەکە تا ئەمڕۆ ناو و وردەکاریی 679 ڕفێنراو و بێسەروشوێنکراوی لە ڕێگەی بانکی زانیرییە سەرهێڵەکەیەوە تۆمار کردووە. دووبارە بانگەوازی بۆ خەڵک کردووە تا وردەکاریی زیاتر لەسەر کەسوکارە ونبووەکانیان بدەن، ئەوەش لەڕێگەی فۆڕمێکی ئەلیکترۆنییەوە کە پێشکەش بە نووسینگەی سەرۆکوەزیران و لایەنە ئەمنییە پەیوەندیدارەکان دەکرێت بۆ بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکان. فۆرمەکە لەم بەستەرە بەردەستە: https://sur.spa.gov.iq/

### هەواڵی پەیوەندیدار

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتیی سەنتەری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لالش، دەستی کردووە بە خەرجکردنی هاوکاریی دارایی بە بڕی ١٥٠ هەزار دیناری مانگانە بۆ ڕزگاربووانی دەستی داعش. وەرگرانی هاوکاریی دارایی پێکهاتوون لە ٣٥٨١ ڕزگاربوو، کە لەلایەن (فەرمانگەی ڕزگارکردنی ئێزدییە ڕفێندراوەکان)ەوە تۆمار کراون. بەپێی سەنتەری لالش، ئەم یارمەتییە داراییە بە بەو واتایە نایەت کە ڕزگاربووان بێبەش دەبن لەو قەرەبووە مانگانەیەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەیانگرێتەوە؛ بە پێچەوانەوە، ئەو ڕزگاربووانەش کە بەپێی ئەو یاسایە قەرەبوو وەردەگرن ئەم هاوکارییە داراییە مانگانەیە دەیانگرێتەوە.
- جگە لە هاوکاریی دارایی، ناو تۆمارکردن کراوەیە بۆ ئەو خوێندکارە ئێزدیانەی ئارەزووی درێژەدان بە خوێندن دەکەن. ئەو ڕزگاربووانەی دەستی داعش کە پۆلی نۆی بنەڕەتییان تەواو کردووە، لە مەرجەکانی وەرگرتن لە دامودەزگا حکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بەخشراون و دەتوانن بڕوانامەی دبلۆم بەدەست بهێنن. ئەوانەی مەرجەکانیان تێدایە دەتوانن هەر دامەزراوەیەک کە پێیان باشە هەڵبژێرن یان بەبێ بەرانبەر بچنە ئەو دامەزراوە تایبەتانەی سەر بە وەزارەتی پەروەردەن. کەسانی شایستە دەتوانن لەڕێگەی ئەم فۆڕمەوە ناوی خۆیان تۆمار بکەن: Google Form link
- ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەشکەنجە و مامەڵە یان سزای دڕندانە، نامرۆڤانە، یان شکۆشکێنەرانەی دیکە، د. ئەلیس ئێدواردز، نوێترین ڕاپۆرتی خۆی لە ٧٩هەمین دانیشتنی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڵاو کردەوە و داوای کرد کار بکرێت لەسەر کەیسەکانی ئەشکەنجەی سێکسیی کاتی جەنگ و دۆخە ئەمنییەکانی دیکە. ڕاپۆرتەکە، کە ٢٥ی تشرینی یەکەم لە نیویۆرک پێشکەش دەکرێت، توێژینەوەیەکی بابەتیی لەخۆدەگرێت کە تیشک دەخاتە سەر پراکتیزە باشەکان و ئاڵنگارییەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە لە ئەشکەنجە سێکسییەکانی کاتی جەنگ، هەروەها دادگاییکردنی تاوانباران و ڕێگریکردن لەم جۆرە ئەشکەنجەیە. ڕاپۆرتەکە باسی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاهێنانەوەی دەروونییش بۆ قوربانییان و ڕزگاربووان دەکات. ڕاپۆرتدەرە تایبەتەکە سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ڕزگاربووانی ناو عێراق کرد بۆ

بەشداریکردنیان لە توێژینەوەیەکیدا کە لە باکووری عێراق لە مانگی حوزەیران ئەنجامی داوە. لێرە تەواوی ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە: https://documents.un.org/doc/undoc/gen/n24/213/72/pdf/n2421372.pdf

گوێ لەو ئەڵقەیەی پۆدکاستی "زیاتر لە مەرەکەبی سەر کاغەز"ی هاوپەیمانێتی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بگرە کە لەگەڵ (د. ئێدواردس) تۆمار کراوە، یان تەواوی گفتوگۆکە لێرەوە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/2606202429346

- بە بۆنەی دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکانەوە، کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێزدی یادی جینۆسایدی ئێزدییەکانی لە سۆلاغ/ شەنگال کردەوە، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییان و دووپاتکردنەوەی داواکارییەکانیان بۆ هێنانەکایەی دادپەروەری. لە چالاکییەکەدا کۆمەڵگەی ئێزدی داواکارییان ئاراستەی حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد و لەناو داواکارییەکانیشدا ئەمانە هەبوون: دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئێزدییەکان، قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووان و جێبەجێکردنی تەواوی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. هەروەها داوای چاکسازیی یاساییشیان کرد بە ئامانجی ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوە ئەو درندەییانە لە داهاتوودا و هەوڵی پەروەردەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی و گۆڕینی شەنگال بۆ پارێزگا و دڵنیابوون لە گەڕانەوەی سەلامەتی ئاوارەکان. داواکارییەکانی دیکە بریتی بوون لە دابینکردنی دەرفەتی دادپەروەرانەی دامەزراندن بۆ ئێزدییەکان، هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و نوێکردنەوەی یاسایی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. لیستی تەواوی داواکارییەکان لێرە بخوێنەرەوە: https://www.nadiasinitiative.org/news/yazidi-civil-society-statement-on-10th-anniversary-of-yazidi-genocide.
- لە دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکاندا، گرووپی کاری ڕاهێنانەوەی سەر بە هاوپەیمانێتی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و جەختی لەسەر پێویستیی بەپەلەی جێبەجێکردنی سیستەمی چاکسازیی گشتگیر و سپۆنسەرکراو لەلایەن دەوڵەتەوە کردەوە کە لە ژێر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا کاری لەسەر دەکرێت. دامەزراندنی سیستەمێکی بەردەوام و کوالیتی-بەرزی ڕاهێنانەوە کە چاودێریی تەندروستیی دەروونیی گشتگیر پێشکەش بکات هەنگاوی پێویستن بۆ یارمەتیدانی ڕزگاربووان بۆ بنیاتنانەوەی ژیانیان. لێرەوە تەواوی بەیاننامەکە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/08/Rehabilitation-Statement-EN.pdf.




یادکردنەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان، سۆلاغ/ شەنگال. وێنە: دەستپێشخەریی نادیە

- بۆ پێشخستنی ڕاپۆرتلێدانی ئەخلاقییانە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ (کۆمەڵەئامرازی بەشداریکردنی ئەخلاقی)یان بڵاو کردەوە، کە لەلایەن پارێزەری مافی مرۆڤ شێریزان مینواڵا، دامەزرێنەری تابوو ئێڵ ئێڵ سی و ڕاوێژکاری (دەزگای ژیان)ەوە دارێژراوە. کۆمەڵەئامرازەکە، کە بە هەوڵەکانی یوسرا ئەلکەیلانی، ڕاهێنەری بەرنامەسازیی خۆڕاگری لە سەنتەری قوربانییانی ئەشکەنجە (CVT) هاتۆتە بەرهەم، باس لە پرسە سەرەکییەکانی وەک ڕەزامەندیی پێشوەختە، نهێنیپارێزی، تایبەتمەندیی کەسی و هەستیاریی کولتووری دەکات. هەروەها سەرچاوەی پراکتیکی و گونجاو پێشکەش دەکات کە بۆ چوارچێوە جیاوازەکان دارێژراون. لێرەوە کۆمەڵە ئامرازەکە بەدەست بهێنە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/07/Toolkit-for-Ethical-Engagement-with-Survivors_English.pdf.




لە مانگی تەممووزدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هاوبەشی ڕاپۆرتێکیان پێشکەش بە خولی چوارەمی (پێداچوونەوەی خولیی گشتگیر (UPR)) کرد و تێیدا تیشکیان خستە سەر دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ململانێکانی سەردەمی داعش لە عێراقدا. ڕاپۆرتەکە باس لە پرسە گرنگەکانی وەک سنووردارییی دەستڕاگەیشتن بە قەرەبووکردنەوەکان بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، نەبوونی شەفافیەت لە پرۆسەکانی شایستەبوون و تانەداندا، جێبەجێکردنی ناتەواوی ڕێوشوێنەکانی ڕاهێنانەوە و گەڕاندنەوە، هەروەها لێپرسینەوەیەکی کەموکورت لە تاوانەکانی داعش دەکات. لێرەوە تەواوی ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/08/C4JR-UPR-Submission-Justice-and-Reparations-for-Survivors-of-ISIL-Conflict-in-Iraq.pdf.

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

- لە ١٧ی ئەیلولدا، وەک وەڵامێک بۆ کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی یونیتاد لە عێراق، گرووپی کاری دادپەروەریی تاوانکاریی سەر بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بەیاننامەیەکی بڵاو کردووە و جەختی لەسەر گرنگیی بنیاتنانی کارە بنەڕەتییەکانی یونیتاد بۆ دادپەروەری و لێپرسینەوەی داهاتوو کردووە. بەیاننامەکە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ئەولەویەت بدات بە دەرکردنی یاسایەک کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان بخاتە ناو یاسا ناوخۆییەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لێپێچینەوە لە جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەناو عێراقدا، هەروەها دانانی بەرنامەیەکی بەهێزی پاراستنی شایەتحاڵان بۆ پاراستنی ماف و ئاسایشی ئەو کەسانەی شایەتی دەدەن. تەواوی بەیاننامەکە لێرەوە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/09/Statement-on-conclusion-of-UNITADs-mandate-English-1.pdf.

بۆ شیکردنەوە و پێشنیاری زیاتر و وردی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، تکایە بگەڕێرەوە بۆ نووسراوی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کە تایبەتە بە میکانیزمەکانی بەرپرسیارکردنی داعش لە عێراقدا و لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە: https://www.justice-iraq.com/.

- لە چەند مانگی ڕابردوودا، یونیتاد چەندین ڕاپۆرتی گرنگی بڵاو کردووەتەوە کە تێیاندا تاوانە نێودەوڵەتییەکانی داعش لەدژی پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق تۆمار کراون. لە مانگی ئەیلولدا، یونیتاد ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی "هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال لە ئابی ٢٠١٤دا و کردەوەکانی دواتر کە دژی کۆمەڵگەی ئێزدی لە عێراق ئەنجام دران" بڵاو کردوە. ڕاپۆرتەکە بەو ئەنجامە گەیشتوە کە پێدەچێت کارەکانی داعش تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید بن. دەتوانن لێرەوە دەستتان بە تەواوی ڕاپۆرتەکە بگات: https://www.unitad.un.org/sites/www.unitad.un.org/files/sinjar_brief_public_updated_0.pdf.

سەرەڕای ئەوەش، یونیتاد هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و یاسایی بۆ تاوانەکانی داعش لە دژی کۆمەڵگەی مەسیحی بڵاو کردووە و ئاماژەی بەوە دا کە کردەوەکانی داعش ڕەنگە وەک تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژمار بکرێن. تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرە بەردەستە: https://www.unitad.un.org/sites/www.unitad.un.org/files/case_assessment_report_christians_summary_for_publication_final_withcover_eng2_reduced.pdf.

لە مانگی ئابدا، یونیتاد ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووە کە تایبەت بوو بە شیکاریکردنی تاوانە سێکسی و جێندەرییەکان، هەروەها ئەو تاوانانەی کاریگەرییان لەسەر منداڵان هەیە، کە لەلایەن داعشەوە دژی کۆمەڵگەی تورکمانی شیعە ئەنجام دراون. ڕاپۆرتەکە بۆچوونی لۆژیکی دەخاتەڕوو بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم تاوانانەی داعش ئەنجامی داون ڕەنگە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بن. تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرەدا بەردەستە: https://www.unitad.un.org/sites/www.unitad.un.org/files/shia_turkmen_sgbc_caac_public_en.pdf

- کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە (CIGE) ڕاپۆرتی خۆی بۆ ساڵانی ٢٠١٤-٢٠٢٤ بڵاو کردەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، کۆمیسیۆنەکە زیاتر لە ٢٠٢٩ لێدوانی قوربانییەکانی کۆ کردووەتەوە، ٣٧،٨٧٦ بەڵگەنامەی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی بەڵگەکانیدا تۆمار کردووە، و ١٣٠٨ نامەی پشتگیریی فەرمی دەرکردووە کە تێیاندا شایستەیی داواکاران بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دووپات کراوەتەوە. تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرەدا بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/08/CIGE-ENG-PR-Digital-Aug-14.pdf.

## ئاستەنگەکان

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، هەواڵنامەی **هاوپەیمانییەکەمان** هەوڵی داوە تیشک بخاتە سەر ئەو ئاستەنگە تایبەتانەی ڕووبەڕووی ڕزگاربووان یان ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە بوونەتەوە کە لە جێبەجێکردنی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا بەشدارن. ئەم ژمارەیە تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی ئەو ئاستەنگانەوە دەخاتە ڕوو کە پێشتر باسکراون و دۆخی ئێستایان باس دەکات.

ئەو مەرجەی دەڵێت داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاساکە پێویستە **سکاڵای تاوانکاری** تۆمار بکەن و بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوە بخەنە ڕوو هێشتا کارایە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم مەرجە بنەمایەکی یاسایی لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یان پەیڕەوی ناوخۆییدا نەبووە. ئەم مەرجە بارگرانی لەسەر ڕزگاربووان دروست دەکات بە ناچارکردنیان بە گەشتکردن بۆ شوێنی ڕەچەڵەکی خۆیان- کە زۆرجار لە نەینەوایە- بۆ ئەوەی لێدوان لە بنکەکانی پۆلیس و دادگاکان بدەن. دەشێت ئەم پرۆسەیە بۆ زۆر کەس کاتێکی زۆر ببات و تێچووی زۆر بێت و دووبارە دووچاری زەبری دەروونییان بکاتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین و ناتوانن بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەرجە بگەڕێنەوە عێراق.

جگە لەمەش، داواکاریی بەدەستهێنانی **بەڵگەنامەی هەواڵگری** کە بە بایۆمەتری ناسراوە، هێشتا بەشێکە لەو بەربەستە بیرۆکراتیکیانەی ڕووبەڕووی داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەبنەوە. هەرچەندە ئەم بەڵگەنامەیە پێویستە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و درووستیی زانیارییەکانی ناو سکاڵای تاوانکاریی داواکارێک، داواکاران لە کاتی پرۆسەکەدا بە هۆی هۆکاری جیاجیاوە تووشی گرفت دەبن، بۆ نموونە تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەر ڕووداوەکاندا، گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیی ناوخۆییدا، هەروەها گرژیيە بەردەوامە خێڵەکی یان تائیفییەکان. ئەم پرسانە توانای دەزگا هەواڵگرییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان ئاڵۆز دەکەن، ئەمەش ناتەواوی لە بایۆمەتری و دواکەوتنی ڕاپەڕاندنی داواکارییەکاندا لێ دەکەوێتەوە. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بانگەشە بۆ پێداچوونەوە بە میکانیزمەکانی ئێستا دەکات بۆ کەمکردنەوەی ئەم بارگرانییانە، وەک گرتنەبەری شێوازی جێگرەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی سکاڵای تاوانکاری و گونجاندنی پرۆسەکە لەگەڵ باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ باشترکردنی دەستڕاگەیشتن و دادپەروەری و ڕەچاوکردنی هەستیاری بۆ هەموو ڕزگاربووان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ئاستەنگە، بڕوانە هەواڵنامەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ژمارە #٧: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/07/C4JR-NL_7-SOR.pdf

ئاستەنگێکی هەڵپەسێردراوی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی تایبەتە بە **پرۆسەی تانەدان**، کە پێویستیی بە پەیوەندیی ڕوونتر و نووسراو هەیە سەبارەت بەو بڕیارانەی لەبارەی داواکاری و تانەدانە سەرەتاییەکانی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)یەوە دەدرێن. ئەو داواکارانەی کە کەیسەکانیان لەلایەن لیژنەکەوە ڕەتکراونەتەوە، (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە)یان یان ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستە بزانن بۆچی لیژنەکە داواکارییەکانیانی ڕەت کردووەتەوە، چونکە ئەمە وای کردووە تانەدان لە ڕەتکردنەوەی کەیسەکانیان قورس بێت. دوای ئەوەی تانەیەک لەلایەن لیژنەکەوە ڕەت دەکرێتەوە، دوا ڕێگە لەبەردەم داواکاردا ئەوەیە کە داوای تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکەدا لەبەردەم دادگای بەرایییدا بکات. بەردەوامبوون لە نەبوونی نامەی ڕەتکردنەوەی نووسراو کە هۆکارەکانی تێدا ڕوون کرابێتەوە کاریگەری لەسەر توانای داواکاران هەیە بۆ پابەندبوون بەو وادە کەمەی تانەدانەوە کە ٣٠ ڕۆژە. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتییەکە نامەی ڕەتکردنەوەی ورد بدات بە پێشکەشکاران کە ڕێکەوتی ڕەتکردنەوە و زانیاریی ڕوونی لەسەر پرۆسەی تانەدانەکە تێدا بێت. ئەمەش یارمەتی داواکاران دەدات لە ڕەتکردنەوەکەیان تێ بگەن و بە شێوەیەکی کاریگەر تانە لە کەیسەکەیان بدەن. هەروەها هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ڕێبازێک بۆ گەیاندنی بڕیارەکان بگیرێتە بەر کە هۆشیار بێت بەرانبەر زەبری دەروونی و چەقی بایەخی ڕزگاربووان بێت لەپێناو دڵنیابوون لەوەی مافەکانی داواکاران پارێزراون. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی تانەدان بڕوانە هەواڵنامەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ژمارە #٤:
https://c4jr.org/wp-content/uploads/2023/12/C4JR-NL_4-SOR.pdf

یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی **ڕاهێنانەوە** وەک شێوازێکی قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووان لە ململانێی داعش دەبینێت، سەرباری ئەو بەرەوپێشچوونەی لە دامەزراندنی سیستەمێکی کاتی ڕەوانەکردن بۆ پاڵپشتیی تەندروستیی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی بەدەست هاتووە، پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ ئەوەی بەپێی پێویست بەدەم پێداویستییەکانی ڕاهێنانەوەی ڕزگاربووانی دەست داعشەوە بچین. هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان دەستپێشخەریی پلاندانانێکی ستراتیژی کردووە بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی پسپۆڕی هاوکاریی دەروونی و چارەسەری پزیشکیی دەروونی بۆ سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، بەڵام لە ئێستادا زانیاریی نوێکراوە لەسەر بەرەوپێشچوون و کاتی دامەزراندنی ناوەندەکە بەردەست نییە. لەکاتێکدا ئەم هەوڵانەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان شایەنی دەستخۆشین، ئەو خزمەتگوزارییانەی ئێستا لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکان و نێودەوڵەتییەکانەوە دابین دەکرێن هەماهەنگ نین و بەپێی پێویست نین و هەروەها تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە پارەدارکردنی دەرەکی دەبەستن، ئەمەش وا دەکات نەتوانرێت بەردەوامییان پێ بدرێت. لە ژمارە #٢ ی هەواڵنامەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا زیاتر لەسەر ڕاهێنانەوە وەک ڕێکارێکی قەرەبووکردنەوە بخوێنەرەوە
https://c4jr.org/wp-content/uploads/2023/09/C4JR-NL_2-SOR.pdf

لەکاتێکدا بەڕێوبەرایەتییەکە بەرەوپێشچوونی لە بەدەممەوەچوونی پێداویستییەکانی قەرەبووکردنەوە لای ڕزگاربووانی دەست داعش بەدی هێناوە، هێشتا ئاڵنگاری گەورە ماون. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە داوا دەکات ڕێکارەکان ئەم ئاستەنگانە کەم بکەنەوە و هاوکات ئەو ڕێبازانە بگرنە بەر کە چەقی بایەخیان ڕزگاربووانە، هەروەها پرۆسەکان لەگەڵ باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێنن بۆ دڵنیابوون لە دادپەروەری و دەسپێڕاگەیشتن بۆ هەموو ڕزگاربووان.

## لە هەواڵنامەی داهاتوودا

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵنامە وەرزییانەی جەخت دەکەنە سەر توێژینەوەی ئەزموونی، هاندانی پراکتیزە باشەکان، هاوبەشکردنی چیرۆکی سەرکەوتنەکان، هەروەها تیشک خستنە سەر ئاستەنگە بەردەوامەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی.

# هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
# ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

.دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

## ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بناسە:

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو کارانەی ڕێکخراوە ئەندامەکانی هاوپەیمانییەکە دەیکەن و پەیوەستن بە یاسا ی ڕزگاربووانی ئێزدی، هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندیکردن پێیانەوە دەخەینە ڕوو.

### ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی

ڕێکخراوی ئێمە، ڕێکخراوێکی مرۆیی قازانجنەویستی ناسیاسییە، کە خزمەتگوزاریی ڕاهێنانەوە و هاوکاریکردن بۆ گەشەپێدان پێشکەش بە کۆمەڵگەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەتایبەتیش پاڵپشتیی ژنان و کچان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان دەکات. ڕێکخراوی ئێمە هەماهەنگی دەکات لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی لە بوارەکانی یەکسانیی جێندەری، پەروەردە، یاسادانان، تەندروستی و تەندروستیی دەروونی لە هەولێرو دهۆک کار دەکەن. ڕێکخراوی ئێمە بەم شێوازانەی خوارەوە پاڵپشتیی ڕزگاربووان دەکات:

- خزمەتگوزاریی یاسایی لەناویاندا ڕاوێژی یاسایی، داواکردنی قەرەبووکردنەوە بۆ ڕزگاربووان، بۆ نموونە پاڵپشتیکردنیان لە بەدەستهێنانی کاغەزی لێکۆڵینەوە، سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان، هەروەها بەدەستهێنانی کارتی نیشتمانی تا تەواوکردنی هەموو ڕێکارەکان و بەدەستهێنانی قەرەبووەکان.
- خزمەتگوزارییەکانی هۆشیاریی دەروونی و یاسایی، لەناویاندا پێشکەشکردنی خولی پیشەیی و پەروەردەیی، هەروەها سێمینارلەسەر بابەتی یاسایی و دەروونی بۆ ڕزگاربووان لە سەنتەرەکانی ڕێکخراوەکە کە دەکەونە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، کەمپی شێخان، لەگەڵ کەمپەکانی ئاوارەکان لە دەڤەری دهۆک.
- خزمەتگوزارییە دەروونییەکان بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری لە سەنتەرکانی ڕێکخراوەکە لەو پارێزگایانەی پێشتر ئاماژەیان پێ درا.

ڕزگاربووان دەتوانن پەیوەندی بە ڕاوێژکارانی دەروونی و پارێزەران لە هەموو سەنتەرەکانی ئێمە بکەن لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بەم ژمارانەی خوارەوە یان ڕاستەخۆ سەردانیکردنی سەنتەرەکانمان:

سەنتەری ژنانی شێخان، دهۆک:
+964 751 536 8532

سەنتەری ژنانی هاوکاری، هەولێر:
+964 751 638 0440

## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی مەدەنیی تاوانە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.